www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 8-11-2005 15:49

# پێشبرکێی کوردستان نێت بۆ کورتەچیرۆک لە 7-11 تاکو 11-11-2005

کورتە چیرۆك

## سیگار ... سەلاحەدین بایەزیدی



تفەنگەکەی توند لەباوەش گرتبوو و بەچوار چاو پاسەوانی دەدا. تاریك بوو. پێیان گوتبوو. . قونکە جگەرەیەکی بینی. چاوێکی بەدەوروبەری دا گێڕا. دروست وەك یەکەمین جار کە لەکۆڵانێکی گوند دا و لەبەردەم ماشێنێکی تازە، قونکە جگەرەیەکی لەسەر زەوی دیتبۆوە. یەکەمجار قەت تامی جگەرەی نەچێشتبوو، ئەمجارەشیان لەبیری چووبۆوە. چەن جار ویستی هەڵیگرێ، هیچ نەبێ تێری چەند مژی دەکرد. بەڵام ترس نەیدەهێشت. دواجار هەڵیگرت و رۆشنی کرد. چەن مژی قووڵی لێدا. یەکەمجار زللەی قورسی باوك لاڕوومەتی سوور کردبۆوە، ئەمجارەیان هیچ وەبیری نەهات چی بەسەر هات. .